کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-7-2007 19:48

**دکتاتۆر دروست مەکەن. ... مەریوان نەقشبەندی**

چونکە زۆربەی پۆست و بەرپرسیاریەتی لەدامودەزگاکانی کوردستاندا لەسەر بنەمای حزبایەتی و مەحسوبیەت دانراون، زۆر ئاساییە لەجیاتی پێشکەشکردنی پلانێکی ستراتیژی و نەتەوەیی سەرۆکی زانکۆیەك پێشنیاری بەخشینی دکتۆرای فەخری بە سەرۆکی کوردستان بکات و داوا بکات رۆژی سەردانی سەرۆکی هەرێمەکەی بۆ زانکۆیەکی کوردستان بە (رۆژی زانکۆ) تۆمار بکرێت.



ئەمە چ عەقڵیەتێکە سەردانی سەرۆك بۆ زانکۆیەك یان وەزارەتێك یان فەرمانگەیەك ئەوەندە تەقدیس بکرێت و لەجیاتی تاوتوکردنی کێشەی (ئاستی نزمی) زانکۆکانی کوردستان و بەراشکاوانە قسەکردن لەسەر دەستێوەردانە حزبیەکان لەکاروباری حکومەت و زانکۆکان، هەر خەریکی مەراسیمی تەشریفاتین بۆ بەرپرس و سەرکردەکان، ئەو کەسانەی کورسی و پۆستەکانیان (وەك بیتاقە بۆ دەرچووە) دەبی لەمەودوا چاوەڕێی ئەم دەستەواژیەبن (بەسە ئیتر دکتاتۆر دروست مەکەن)،

بەرپرسانی کورد چیتر نابی پشت بە زوڕناژەنەکان ببەستن، ئەو سەردەمە خەریکە بەسەر دەچێت کە راگەیاندن لە چوارچێوەی پێشوازیکردن و قاوەخواردنەوەی مەسئولەکاندا قۆرغ بکرێت، خەڵکی کوردستان بەدوای هەواڵێکدا دەگەڕێن کە رەوشی ژیان و سستمی دواکەوتوی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت، گرنگ بۆ خەڵکی کوردستان ناوەرۆکی کۆبونەوەکانە نەك دەموچاوی مەسئولەکان و ئاڵوگۆری پێکەنین و دانیشتن لەبەرامبەر یەکتری

.

رۆژێکیان گوێم لە کاك جەمال عەبدوڵلا بوو کەبەناوی (وتەبێژی رەسمی حکومەتی کوردستانەوە قسەی دەکرد) لەبەرنامەیەکدا لە رادیۆی نەوا زۆر بەحەماسەتەوە باسی ئیشەکانی حکومەتی دەکرد و هاواری دەکرد حکومەت چۆن هیچی نەکردوە تەنها خەرجی یەك خوێندکار ساڵانە یان مانگانە (5000) دۆلارە، جا ئەگەر یەکێك لە وەزعی دنیا و فەرمانرەوایی و ئیدارە نەزانێت دەڵێت رەنگە ئەم (5000) دۆلارە لەگیرفانی کاك جەمال دەدرێت، یان لەوانەیە کاك جەمال ئێمە بە نەزان تێبگات و بڵێت ئەم پارەیە کاك عومەر فەتاح یان کاك نێچیروان بارزانی لەگیرفانی خۆیان دەیدەن، کاکی وتەبێژ ئەو خورمایەی تۆ رۆژانە دەیخۆیت ناوکەکەی لەگیرفانی ئێمەدایە و ئەو شێوازەی بەرگریکردن لەحکومەت زۆر ستۆکەو جگە لەدروستکردنی دکتاتۆری نوی شتێکی دیکەی بۆ ئەم میللەتە تێدا نیە.

پارێزگار بۆ ئەوە دانراوە ئەرك و کارەکانی راپەرێنێت و خزمەت بە خەڵکی پارێزگاکەی بکات، کەچی کاك (ئیسماعیل بەرزنجی) نوسەر و رۆژنامەنووس کە نازانم لەسەر داوای کی لەدوا لاپەرەی (رۆژنامەی خەبات) گۆشەیەکیان داوەتی بەناوی (لەل) ؟! ناشزانم جگە لە قسەی سەرپێیی و تایبەت بە ژیانی رۆژانەی خۆی چ داهێنانێکی بۆ (خەبات) و خوێنەرانی ئەم رۆژنامە تێدایە؟ لە نوسینێکدا کەوتۆتە هەڵدان بەشان و باڵی پارێزگاری هەولێردا و نەکبەتیەکەش لەوایە دەڵێت من رقم لە پیاهەڵدانە و هەگیز ئیشم بە کاك نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر نیە کەچی هەر لە هەمان نوسیندا دەڵێت دو سی جار تەلەفونم بۆ کردوە بۆ ئیشی خەڵك کارەکەی بۆ ئەنجام داوم، جا نازانم ئیش پێبوون لای کاك ئیسماعیل چیە و چۆنە؟؟!ئەم برا رۆژنامەنووسە بەردەوام وەك خەمخۆری خەڵکی هەولێر خۆی پیشان دەدات کەچی بەزەحمەتی دەزانێت ئەگەر رۆژنامەنووسێك پرسیار لەپارێزگاری هەولێر بکات (خانووت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەیە یان نا؟) . باشە کاتێك خودی پارێزگار بەو پرسیارانە تورەنابێت ئیتر نازانم کاك ئیسماعیل بۆچی تەنگاو بووە؟!، ئەم هەڵوێستەی کاك ئیسماعیل بەرزنجیم وەك پێشنیارەکەی سەرۆکی زانکۆی دهۆك بۆ سەرۆك بارزانی وەبیر هاتەوە، نازانم بەکی دەڵێت (لێگەرێن با ئیش بکات)، تۆ بڵێیت کاك نەوزاد هادی هەمان هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی هەبێت کاتێك بە سەرۆکی زانکۆی دهۆکی گوت (بەسە ئیتر دکتاتۆر دروست مەکەن)،

کاك ئیسماعیل راستە تۆ ژمارە تەلەفونەکەی کاك نەوزاد هادی دەزانیت و هەر کە جەرەست بۆ لێدا خۆی بەشەخسی وەلامت دەداتەوە وهەر کارێکیشت بێت بۆت جێبەجی دەکا، بەلاّم من تکات لێدەکەم چیتر بەناوی دانیشتوانی هەولێرەوە بریار مەدە، رەنگە من سەدان کەس بناسم کە ساڵانێکە بەدەست کەم ئاوی و کەم کارەبایی و خراپی رێگاوبان و دەیان کێشەی خزمەتگوزاریەوە دەناڵێنن و کەسیش گوێی بۆ نەگرتوون، ئەو کاتەی تۆ ئەو بابەتەت نووسی و بەشان و باڵی کاك نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێردا هەڵت دەدا زیاتر لە (10) رۆژ بوو هەموو دانیشتوانی شوققەکانی گەرەکی زانیاری شاری هەولێر لەمانگە تەمموزدا یەك قەترە ئاویان نەبوو، بەچاوی خۆم بینیم خەڵکی بە سەتڵ ئاویان دەهێنا و هەندێکیشیان دەیانگوت چەند جار تەلەفونمان کردوە و موراجەعەی پارێزگارمان کردوە هیچ ئاکامێکی نەبووە. دیارە مەبەستم لەم نوسینە تەنها بەراوردێکە و دەمەوێت کاك نەوزاد هادی و بەرپرسانی دیکەی کوردستان بەو جۆرە نووسینانەی (کاك ئیسماعیل بەرزنجی) دەسخەرۆ نەبن چونکە کوردستان شامی شەریف نیە و کێشەکان ئێجگار زۆرن و دەبی بە شێوەیەکی (تدریجی) چارەسەر بکرێن و رۆژنامەنووسانیش زانستیانە لەم پرۆسەیەدا هاوکار بن و نارێکیەکان بخەنە بەرچاو تا رێك بکرێتەوە.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.